# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢١/٦/١٦

پشتبەست بە ئەحكامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە حوكمەكانی ماددەی (٦٦) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٩) لە ٢٠٢١/٦/١٦، و بە مەبەستی ئاساییكردنەوەی دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان، و دوابەدوای بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢٠/٥/٥، بڕیاردرا بە:

١. ڕاگرتنی كاركردن بە بڕگەی (٢) لە بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٢) لە ٢٠٢٠/٥/٥ و گەڕانەوە بۆ كاتی دیاریكراوی ئاسایی كاركردن و دەوامی فەرمیی ڕۆژانە لە سەرجەم دامودەزگاكانی هەرێمی كوردستان وەک پێش دەرچوونی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەپێدراو لە سەرەوە.

٢. گشت وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی (٢٠)ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران